The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# مژده بۆ هەموو قوربانیان , جینۆسایدی گەلی کورد بوو بە فەرمی لە جیهاندا

ئەمڕۆ بە ئامەدەبوانی سەدان کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان , نوێنەرانی پارت و کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان , دادگای هۆڵەندە داواکەی داواکاری گشتی و پارێزەری ناوەندی چاکی پەسەند کرد بە سەپاندنی **15** ساڵ زیندانی بەسەر ئانرات و بە فەرمی ناسینی جینۆسایدی گەلی کورد .

دوا بەدوای خوێندنەوەی بڕیارەکە شایی و هەڵپەڕکێی گەرمی کوردان لە بەردەم دادگا دەستی پێکرد و شیرینی دابەشکرا .

لە بەشی کۆتاییدا ئەمیر قادر بەرپرسی ناوەندی چاك لە هۆڵەندە لە وتەیەکی کورتدا سوپاسی پارت و ڕێکخراوو کۆڕ و کۆمەڵەکان و سەرجەم ئامەدەبوانی کرد , لە بەشێکی دیکەدا خاتوو کریستینا ئەندام پەرلەمانی پارتی سۆسیالست و ئەندامی کۆمیتەی بە دادگایی گەیاندنی ئانرات لە وتەیەکی کورتدا وتی : هیواداریین ئەمە سەرەتایەك بێت بۆ بە دادگایی گەیاندنی سەرجەم ئەو دەزگاو دەوڵەت و کەسانەی تاوانیان بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامداوە .

لە کۆتاییدا ئەو خەڵکە لەناو خۆشی و گریاندا کۆتاییان بە ئاهەنگەکە هێنا , ئەوەی شایانی باسە ئەم ماڵ و کۆڕو کۆمەڵە کوردیانە لە خۆپیشاندانی ئەمڕۆی بەردەم دادگا بەشداربوون .

**ماڵی کوردی لە ئارنهێم**
**ناوەندی کوردی لە زۆتەرمیر**
**مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی لە شاری ئەمستردام**
**ناوەندی کولتوری کوردی لە شاری دەنهاخ**
**کوردستان سەنتروم – باکووری کوردستان .**
**ماڵی برایەتي کوردی لە شاری ئارنهیم**
ناوەندی گەشەپێدانی کەرکووك

ئێمە وەك ناوەندی چاك سوپاسی ئەو ڕێکخراوانەو و هەموو ئەو لایەن و کەسایەتییە دڵسۆزانە و دەزگای ڕاگەیەندانانە دەکەین , ئەمڕۆ لەگەڵ ئێمە لە دادگاییەکە بەشداربوون , بە تایبەت ئەوانەی پێشتر هاوکاری ئەم پرۆسەیەیان کردووە .

لە کۆتاییدا پەیمان دەدەین بە دایکی شەهیدان , بە ئێسك و پروسکی قوربانیانی ئەنفالەکان لە عەرعەر , گۆڕەکەی عومەر خاوەر , ئاوارەکانی کەرکووك , بارزانییە ئازیزەکانمان , دڵسۆزانی سەردەشت و زەردەو گۆپتەپەو ... سەرجەم قوربانیان , ئەم دەسکەوتە ببەینە ناو هەموو پەرلەمان و ناوەندە جیهانییەکانەوە , جینۆساید بکەینە ناسنامەی ژێر دەستەیی کورد و هاوات لە هیچ تاوانبارێك خۆش نەبین .

ڕۆژی ئەوەش هاتووە تاوانبارە کوردەکانیش وەك ئانرات , پاداشتی خۆیان وەربگرن , دەزگا حیزبی و حکومییەکان کوردستانییان لێ پاك بکرێتەوە .

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد -چاك

**2005-12-23**